Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.17 20:37:09 +01'00'

**Kurdistan National Congress-KNC**

WKA, Palingswick House, 241 King Street, London W6 9LP, UK
Tel: 0208 563 2881, Fax: 0208 563 8406, Mobile: 07768 266005
www.knc.org.uk e-mail: wka@knc.org.uk knc@ribrahim.de

سەرکۆماری ولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەریز جۆرج دبلیو بوش

بەریز سەرکۆمار

لە پێشەکیدا بەناوی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە دەمەوێت کە هیوای تەندروستی و شادی و سەرکەوتن لە ساڵی داهاتوودا بۆ ئێوە بخوازم و بەتایبەتیش کە جارێکی دی هەڵبژێرنەوە بە سەرۆکی ولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠٤دا.

گەلی کورد ئێستاش زۆر سوپاسی ئێوە دەکات بۆ بڕیارە ئازا و بەرجەستەکەتان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام و ئازادکردنی عێراق.
بەداخەوە هێشتا گەلێک هێز هەن کە هەوڵ دەدەن ئەم سەرکەوتنە بێهاوتایە بەسەر دکتاتۆرێتیی تیرۆردا وەرگێڕن بە ژێرکەوتنێک بۆ ئەمریکاییەکان و گەلی عێراقیش. ولاٚتەکانی دراوسێی عێراق ناخوازن کە بنیاتنانەوەیێکی سەرکەوتووانە ببینن و هەموو هەوڵێک بۆ ڕێگری لە دیموکراتیسازی دەگرن. ئەوانەی دژی شەڕیش بوون، وەک ڕوسیا و فرانسە و ئەڵمانیا، ناخوازن هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە عێراق و ناوچەکە بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی خۆیان ببینن.

بۆ بنیەستکردنی ئاشتی لە عێراقدا پێویستە بڕیاری ئازایانەی زیاتر و ڕوانگەیێکی رامیاریی تەواو نوێ پێڕەوبکرێت. چونکە هیچ ئاشتییێکی بەردەوام لە عێراق و ناوچەکەدا پەدی نایێت، ئەگەر یەکێتیٚ عێراق کە بەشێوەیێکی دەستکرد و زۆرەملیٚ، پاش شەڕی جیهانی یەکەم، سەپێندراوە، وەک خۆی بمێنێتەوە.
دەوڵەتی ئێستای عێراق بە شێوەیێکی سەرەکی لە سیٚ گرۆ خەڵکانی تەواو جیاواز پێکهاتووە کە نەک تەنیا لە بەرژەوەندییاندا جیاوازن، بەڵکو لە شێوەی ژیان و کولتور و بڕوای ئاینیشدا بەشێوەیێکی دیار جیاوازن.
لە سەرەنجامیشدا وا دیارە کە نزیکی مەحاڵە عێراق وەک دەوڵەتێک بهێڵرێتەوە و لەهەمان کاتدا بەشێوەیێکی ڕەوا بەرژەوەندیەکانی شیعە و سوننە و کورد ڕەچاو بگیرێن.
لەبەر ئەوەی کورد سەلماندیان کە ئائەمڕۆ باشترین هاوپەیمانی بڕواپێکراوی ئەمریکاییەکان و هاوپەیمانەکانن، پێویستە کە هیچ نەبێت بتوانن هیوای ئەوەیان هەبێت کە لەبری ئەوە کۆمەکیان بکرێت تاکو لە ئەنجامدا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و دەوڵەتی سەربەخۆ بەدەست بهێنن. پاش دەیان ساڵ سەرکوتکردن لەلایەن هەموو حکومەتە عەرەبییەکانی پێشووی عێراقەوە و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک، تەنانەت گازی ژەهراویش دژی دانیشتوانی بێچەک، چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت کە گەلی کورد جارێکی دی لەژێر حکومەتێکی عەرەبیدا بژی.

هەر کاتێک کوردەکان لە عێراقدا بواریان هەبێت کە بەئازادی ڕای خۆیان دەربڕن؛ هیچ گومانی تێدا نییە کە زۆربەی هەرە زۆریان بڕیاری سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دیموکراتی و فرەپارتی دەدەن. بۆ بواردانیش بەو بڕیارە و جێبەجێکردنی، گەلی کورد پێویستی بە کۆمەکی چالاکی ولاٚتە یەکگرتووەکانە و هەر بۆیەش هەموو هیوای خۆی بەستووە بە ئێوەی بەڕێز، سەرکۆمار و حکومەتەکەتان.

پارته رامیاریەکانی ی.ن.ک و پ.د.ک کە ئێستا لە باشووری کوردستان فەرمانڕەوان، تەنێ نوێنەری کەمایەتییەکی بچووکی گەلی کوردن و تا ئێستا توانیویانە ئارەزووی ئازادی کوردەکان بەزۆر سەرکوت بکەن. ئەم دوو پارتە خۆیان کردوەتە دەمڕاستی یەکێتیی عێراق؛ دژی ویستی گەلی کورد و هەوڵ دەدەن کە جارێکی دی عێراق بکەنەوە بەشێک لە دەوروپشتە عەرەبییەکەی، هەروەک وەزیری دەرەوەی ئێستای عێراق هوشیار زێباری دەریبڕی، هەرچەندە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان، زۆر یان کەم، دکتاتۆرین.

بەڵام پاش ئەو هەموو چەرمەسەرییە، گەلی کورد جارێکی دی ناخوازێت کە لەلایەن ئەو پارتە کوردانەوە فەرمانڕەوایی بکرێت کە نەک هەر جاشەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس لە پایەی بەرزی بەڕێوەبەرایەتیەکانیاندا دەگرنە خۆیان، بەڵکو ڕژێمێکی کۆنترۆڵی وایان لەڕێگەی ڕێکخراوەکانیانەوە دامەزراندوە کە بواری هیچ دەربڕینێکی ئازاد نادەن لەلایەن هەرکەسێکەوە کە دژیانن و لەبواری بژێوی کۆمەڵایەتی و فەرمانبەری پسپۆڕانەیاندا بێبەشیان دەکەن. هەزاران کورد لەژێر گوشاری ئەم پارتە کوردانەوە بەرەو هەندەران ڕایانکردووە. لە ساڵی ١٩٩٨ وە تا ئێستا هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردی هەر لەژێر گفتوگۆدایە، بەڵام پارتەکانی فەرمانڕەوا ناخوازن خۆیان بدەنە بەر ئەم هەڵبژاردنە کە خەڵکی داوای دەکەن. ئەو پەرلەمانەی کە لە ١٩٩٢ وە هەڵبژێردراوە ڕەوایەتی نەماوە. لە سەرەنجامیشدا دیارە کە ی.ن.ک و پ.د.ک ناتوانن ڕێگا بۆ ئازادیی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس خۆش بکەن.

هەردوو پارتەکەش پێوەندیی باشیان لەگەڵ ڕژێمەکانی تیرۆریستی ئێران و سووریا هێشتووەتەوە کە هەردووکیان لە ناوچەکانی دەسەلاتی خۆیاندا بەدڕندانە گەلی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی سەرکوت دەکەن. ئەم دوو پارتە تەنانەت ناتوانن دوو بەڕێوەبەرایەتیەکەی حکومەتی ناوچەیی سلێمانی و هەولێریش یەکبخەن. ئەوان تەنیا توانای پارتەکەی خۆیان بەلاوە مەبەستە و لەبەر ئەوەش بەهیچ جۆرێک نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی گەلی کورد ناکەن.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان بڕوای وایە کە لەم بوارەدا بەرژەوەندیی ولاتە یەکگرتوەکان و کورد تا پلەیێکی بەرز یەکدەگرنەوە، چونکە هەردوولا ئامانجیان دیموکراسیە لە ناوچەکەدا و ئەوەش بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەژێر پارێزگاریی ئامادەبوونێکی بەهێزی سەربازیی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دێتە دی. ئەمەش ڕژێمە دیکتاتۆری و تیرۆریستەکانی ناوچە ڕادەچلەکێنێ و دامەزراندنی سیستەمێکی ئاشتیی جیهانی، بە پلەیێکی هەستپێکراو نزیک دەکاتەوە.

هیوامان بە ئێوەی بەڕێز، سەرکۆمار و هاوپەیمانەکانتانە کە بەردەوام بن لەسەر ڕێگای ئێستاتان؛ تاکو ئەرکەکانتان بگەیێننە سەرەنجامێکی سەرکەوتوو.

لەگەڵ باشترین هیوامدا بۆ خۆتان و حکومەتەکەتان

بروسکە ئیبراهیم
سەرۆکی کاروباری دەرەوەی
کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
٢٠٠٤/١/١٠